وەزارەتی دارایی گواستنەوەی راژەی فەرمانبەران لەنێوان وەزارەت و دەستەکان لە 2ی (کانونی دووەم/1)ی 2025ەوە دادەگرت.

تەیف سامی وەزیری دارایی عێراق بڵیاریدا، گواستنەوەی راژەی فەرمانبەران لەنێوان وەزارەت و دەستەکان لە 2ی (کانونی دووەم/1)ی 2025ەوە رابگیرێت.

ئەوەشیخستەڕو، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەکە بەردەوام دەبێت تاوەکو خەمڵاندنی قەرەبوکردنەوەی فەرمانبەران و موچەیان لە چوارچێوەی خشتەی بودجەی گشتیی ساڵی 2025دا دیاری دەکرێت.

وەزیری دارایی عێراق ئاماژەی بەوەکردوە، دەیانەوێت کۆنترۆڵی خەرجی موچە بکەن بۆ ئەوەی پێویست بکات پەنا بۆ قەرز ببەن.

خەمڵاندنەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەوەی پەسندی بکات و دواتر رەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ پەسندکردنی.